گفتوگۆ لەگەڵ شۆکار شیلانێ سابیر.. ئامادەکردنی: کامەران حاجی ئیلیاس

شۆکار شیلانێ سابیر: کاتێ سروشت و خیاڵ تێکەڵ دەبن،دەتوانرێت جوانترین تابلۆ نیگار بکرێت
شۆکار شیلانێ سابیر: بەهرەی زۆر باشمان لە ئافرەتان هەیە پێویستە زیاتر هانبدرێن
خاتوونی شۆکار(شیلانێ سابیر سەفی)، لە ساڵی 1976 لە شاری کەرکووك لە دایك بوو،هەرلەتەمەنی پێنج ساڵیەوە،وەکو منداڵێکی بەهرەمەند لە نێو خێزانێکی بەدەست رنیگینی دەرکەوتووە،کاتێ دەچێتە قوتابخانە بەهەی دەست رنگیەوە بەشداری سەرجەم پیشانگاکانی نێو قوتابخانەکەی دەکات .
خاتووشیلانێ بە بڕوا دان بە بەهرە هونەریەکەی دەچێتە پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر لە ساڵی 1999 بەشی شۆکاری لقی (نیگار) بەسەرکەوتووی هەموو قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکات ،کاتێ قوتابی دەبێت لە پەیمانگا بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکانی پەیمانگا دەکات لەو ساتەوە تائێستا بەشداری چەندین پیشانگای کردووە ئەمە بە زیاتر ئاگادار بوون بە کارو چالاکیەکانی هەڤپەیڤینەکی هونەریمان لەگەڵیدا سازدا.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

***سەرەتا بابزانیت خاتوو شیلان چۆن ئاوێتەی هونەری شۆکاری بوو؟**

- بەهەی ئاوەی من لەخێزانێك دا،پەروەردەبووم باوکم مامۆستا یەکی هونەربیر بووەو دایکیشم زۆر پاڵ پشتی ئەمە بوو بە گۆشەسەندن و فەر بوون، جگەلەوەو برایەکەم هونەرمەندە بەیە زۆر هاوکارم بوو زۆر لە کارە هونەریەکانی فەربووم ،وە هاندەرم بوو بۆتایبەتی بە خوێندن لەپەیمانگای هونەر جوانەکان،لەبەرئەوە کەشی ماڵەوە و بوونی بەهرەی هونەریم وای لەمن کرد ئاوێتەی جیهانی هونەری شۆکاری بم.

***دەکرێت بەکورتی باس لە کارو چالاکیەکان بە خوێنرانمان**

بکەیت؟

- کاتێ قوتابی بووم لەپەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر بەشداری سەرجەم فیستیڤاڵەکان و چالاکی ناو پەیمانگام کرد، دوای تەواوکردنی پەیمانگەش بەردەوام لە کارهونەرییەکانم لە ساڵی 1999 بەشداری یەکەم پیشانگای هاوبەشم کرد کەلە هۆڵی میدیا ی شاری هەولێر بەبەشداری چەندین هونەرمەند کرایەوە.لە ساڵی 2001 یەکەم پیشانگەی تایبەتم لە شاری سەران کردەوە.لە ساڵی 2002 لە شاری ئاکرێ بەشدری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد ،لە ساڵی 2003 بەشداری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد لە شاری سەران ،لە ساڵی 2009 لە شارچکەی هیران بەشداری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد کەئێوکات یەکەم جاربوو ئافرەت لە هیران بەشداری لە پیشانگادا بکات. لەساڵی 2013 لەگەڵ مامۆستایانی هونەر لەشاری هەولێر بەچەند تابلۆیەك بەشداری لە پیشانگایەکی هاوبەشم وە لە ساڵی 2016 بەشداری پیشانگایەکی هاوبەشم کرد لەساڵی 2023 بەشداری پیشانگایەکی نەوەوەتیم کرد کە کەمەڵە لە هونەرمەندانی کوردستان بەشداربوون.دواکارم ئەم ساڵ بوو 2024 لە پارکی شانەدەر بەشداری لە پیشانگایەکی کاری دەستیم کرد.
- باشە دەستت خۆش بێت ،بەکاری کامە لە هونەرمەندانی کورد و جیهانی سەرسامیت؟
- ئەگەر مەرەق خۆی بەهەڕەی تەدابێت وخوا بەهرەیەکی پێ بەخشیبێت وەڵەهەمان کاتدا بەگەڕان و بەدواداچوون بەدوایی بلیمەتە جیهانیەکان و فێربوونی زیاتر لەئەزمونەکانیان بە نموونە هونەرمەندان (ئاری بابان و ئیسماعیل خۆیات) دەرگای زیاتر کردەوە بە پەرپەدانی هونەر یم لەوبوارەدا.

***کاتێکی دیارکراوت هەیە بۆ نیگار کردنی تابلۆکانت؟**

- بەگومان وەکو دایك وەك و مامۆستا تەرخانکردنی کات بۆ کاری هونەر ی پێویستی بەدابەشکردنی کاتێ بەجەڕەك بتوانیت خولیاکانت پشت گوێ نەخیت یارمەتی دانی خەزانیش ،،لی خۆی دەبینێت سوپاس کەمنیش لەو یارمەتی دانە بۆ بەش نیم بەیە بۆیی کاتەکانم کاتم بۆ نیگارکردنی تابلۆکانم داناوە.

***وەکو شۆڕکارێك ئاستی ئافرەتانی شۆڕکار بەگشتی وبەتایبەتی ئافرەتانی کورد چۆن دەبینیت؟**

- گەمانی تەدانیێ ژنان لەکوردستان دا ،بە بەش نین لەو بەهرەیە، ئەوا نیشبەپێی توانا هەوە دەدەن و بەدەم

خولیاکانیانەوە دەچن بەرام پەویستیان بە دەرفەتی زیاتر بۆ گۆشە سەندن و کردنەوەی پەشانگا وخولی فێربوون، بەواتایەکی تر بەهرەی زۆر باشمان لە ئافرەتان هەیە پەویستە زیاتر هانبدرێن.

***تا چەند رەنگەکان لە تابلۆ گرنگن؟**

- ڕەنگ ڕەحی تابلۆیە ،کلیلی پەیامی هونەریە کەیە، بۆیە تێکەڵ کردنی ڕەنگ و گۆیاندنی هەر پەیامێك پەوستی بە لێهاتووی خۆیان شارەزایی دەوێت، بۆئەم مەبەستە هونەرمەندەکان بەردەوام لەپەگۆیاندنی خۆیدا بێت،منیش ڕەنگ لە تابلۆکانم دا شوێنی تایبەتی هەیە بەپێی جۆری تابلۆیەکە ڕەنگ بەکاردەهێنم.

***ئەو بابەتانە چین کە دەبنە هۆیەکی تابلۆکانت بەنموونە سروشتە یان خەیاڵە..؟**

- کاتێ سروشت و خەیاڵ تێکەڵ دەبن،دەتوانرێت جوانترین تابلۆ نیگار بکرێت ،هونەرمەند پەویستی بە خەیاڵی فراوان هەیە تابتوانێت لەگەڵ سروشت دا مەبەستی خۆی بدا بەدەستەوە، بۆیە سروشت وخەیاڵ بابەتی سەرەکی تابلۆکانی منن.

*لەکاتی کردنەوەی پیشانگاکان گرفتی کەمی بینەر هەیە لە ئێستادا بینەری پیشانگان لە چ ئاستێك دایە؟

-کەشی بینەر هەیە ،لەو دەچێت سەرقاڵی ژیان و نەبوونی کاتیش گرفت دەبێت بەڕام ئامادەبوونی چەند کەسێك خاوەن بەهرە و ئەزموون و ئەو کەسانەی هونەر بەبوارێکی گرنگ دادەنێن، باشترە لەئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر کە ئامانج لەی تێنیا هەر چەندایەتی بێت.

***وەکو مامۆستایەکی وانەی هونەر تاچەند گرنگی بە وانەکە دەدرێت لە ناوەندەکانی خوێندن؟**

- گرنگی دان بە وانەی هونەری، بە بەچوونی خەم لەلای خودی مامۆستای بابەتی پەروەردەی هونەریە ئەو دەتوانێت قوتابیەکانی خۆی هانبدات بەهرە شارەزەکانیان بدۆزێتەوەلە ڕگەی کردنەوەی پیشانگاکان بیان لە هەمان کاتدا دەبە دەستەی کارگێری قوتابخانە پاپشتی مامۆستاو قوتابیان بکات، بەدابین کردنی کەرستەو نیگارگا(مەرسەم).





